گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issu4 2024
ID No.1808 ( PP99-113 )
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.4.6

توێژینەوە

# فەزای شوێن لە ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوردا ڕۆمـــــــــــانی (مۆزەخانەی کورە قژ درێژ)بەنمونە

**ڕزگار عومەر فەتاح/** زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، بەشی کوردی
**ساکار ئەکرەم حەمەساڵح/** زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، بەشی کوردی

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی(فەزای شوێن لەڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسور)ە ڕۆمانی(مۆزەخانەی کورە قژ درێژ) بەنمونە، بەو ئامانجەی تیشك بخەینە سەر بەرهەمەکانی ئەم نوسەرە هاوچەرخە کە بەیەکێك لە ڕۆماننوسە سەردەمییەکانی ئەمرۆی کوردستان هەژماردەکرێت و پێگەیەکی بەرز و بەهێز و فراوانی لەم بوارەدا هەیە.

لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، خستنەڕوی بەهای فەزای شوێن و جۆرەکانییەتی لە ڕۆماندا بەتایبەتی لە لای ئەم نوسەرەدا، جگە لەمەش ئەزمون و توانا و لێهاتویی نوسەر لەم بوارەدا پاڵنەرێکی دیکە بو بۆ بەرجەستەکردنی ئەم بابەتە.

لەڕاستیدا هەر هونەرێك لە هونەرەکانی بونیادی ڕۆماندا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە ئیستاتیکییەت و زیندویەتی و نەمری و ڕەسەنایەتی پێدەبەخشێت. فەزای شوێن لەو توخمانەیە پێگەیەکی زۆر گرنگ و سەرەکی لە پێکهاتەی ڕۆماندا هەیە، بەتایبەتی کاتێك لایەنێکی بەهێزی سەرەتا و ئامانج و کۆتایی دەقەکە بێت. پاشان دەبێتە سەرچاوەی ئەو واتایەی کە هۆکارە بۆ هاتنەکایەوەی پرۆسەی گێڕانەوە، لەپاڵ ڕەگەزەکانی دیکەی وەك ڕوداو و کات و کارەکتەردا، بەجۆرێك لە غیابی فەزادا هەریەکە لە پێکهاتەکانی بونیادی ڕۆمان لە ئاستی پراکتیکیدا متمانە و ناسنامەی خۆی لەدەست دەدات، ئەگەر پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵیدا دروست نەکرێت. کەواتە ڕۆماننوس پێویستی بە فەزای شوێن و کارەکتەرە بۆ ڕودانی ڕوداوەکان و بینینی ڕۆڵەکانییان، لە هەمان کاتیشدا پێویستی بەکاتە بۆ زانینی سات و سەردەم و ڕۆژگاری ڕوداوەکان ، ئەمانەش هۆکارن بۆ ئەوەی ئەرك و ڕۆڵ و پێگەی فەزای شوێن و پەیوەندی بە توخمەکانی دیکەی ڕۆمانەوە بەپێی پێویستی توێژینەوەکە ڕوون بکەینەوە.

CORSPONDANCE
ڕزگار عومەر فەتاح
rzgar.umer@koyauniversity.org

وەرگرتن 2024/02/22
پەسندکردن 2024/05/ 09
بڵاوکردنەوە 2024/08/15

وشە سەرەکییەکان:
فەزای شوێن،
ڕۆمان،
مۆزەخانە،
گێڕانەوە،
ڕوداو.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 2.پێشەکی:

شوێن پێگەیەکی گرنك و کاریگەری لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، هەر بۆیەپەیوەندی مرۆڤ بە شوێنەوە پەیوەندییەکی بەهێز و مێژوییەو ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی هەیە، مرۆڤ لە فەزا و جیهانێکدا دەژی کە بە دو ڕەهەندی بنەڕەتییەوە بەستراوەتەوە ئەوانیش کات و شوێنە. شوێن لە ڕوی مێژووییەوە لە مرۆڤ کۆنترە و مرۆڤیش ڕۆڵ و گرنگی بوونی خۆی لە شوێنەکەیدا، بە پێی پێداویستییەکانی ژیانی و کلتورەکەی دەدۆزێتەوە و دوبارە شێوەی خۆی دادەڕێژێتەوە و بۆ فۆرمی جیاواز دەیگۆرێت.هەر ئەمەش وای کردوە مرۆڤ بکەوێتە ژێر کاریگەری فەزای شوێنەوە و ڕەنگدانەوەیەکی فراوان و گەورە و بەهێز لە هزر و بیرکردنەوە و بەرهەمەکانیدا بێنێتەکایەوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە پێگەی فەزای شوێن لە سنوری ڕۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکە سور)دا چڕ بکەینەوە و ڕۆمانی(مۆزە خانەی کورە قژ درێژ)بەنمونە بخەینەڕو، یەکەم: چونکە تا ئێستا بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لێی نەکۆڵراوەتەوە و لەمبارەیەوە هەست بەهەبونی بۆشاییەکی گەورە دەکرێت. دوەمیش: چونکە بەپێی بۆچونی ئێمە فەزای شوێن هەم وەك بابەت و هەم وەك ڕەگەزێکی سەرەکی ڕۆمانیش کاریگەریەکی بەهێزی لە هونەرەکانی ڕۆمان بەگشتی و لە بەرهەمەکانی ئەم ڕۆماننوسەدا هەیە. ئامانج لەم توێژینەوەیەش دەستنیشانکردن و خستنەڕوی فەزای شوێنە لەم ڕۆمانەدا، کە لەم پرسیارانەی خوارەوەدا کورتکراوەتەوە:

1- ئایا فەزای شوێن لە لای ئەم ڕۆماننوسە پێکهاتەیەکی لاساییە، یان پێکهاتەیەکی نوێی هەیە؟ ئایا ئاستی ئیستاتیکی چۆنە و بە چ شێوازێك خراوەتەڕو؟

2- ئەزمون و توانا و لێهاتویی ڕۆماننوس لە بەرجەستەکردنی جوانیناسی فەزای شویندا چەندە و چۆنە؟ لە هەریەکە لە شوێنە گشتی و تایبەتی و واقعی و خەیاڵی و نەمەتەکانی شوێندا تا چ ڕادەیەك توانیویەتی داهێنان و گۆڕانکاری بکات و سود و چێژ و نەمری بە بەرهەمەکانی ببخشێت؟

سەبارەت بە پێشینەی ئەم توێژینەوەیە، ئەگەرچی چەندەها توێژینەوە و کاری ئەدەبی دەربارەی بەرهەمەکانی ئەم نوسەرە ئەنجامدراون، بەڵام تا ئێستا هیچ تویژینەوەیەك لەمبارەیەوە نەخراوەتەڕو، ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی لە دو بەش پێکهاتوە: بەشی یەکەم تیوریە و بۆ چەمك و پێناسە و جۆر و گرنگی فەزای شوین لە ڕۆماندا تەرخانکراوە، بەڵام لە بەشی دوەمدا تیشکمان خستۆتە سەر ڕەنگدانەوە و کاریگەری فەزای شوێن لە ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوردا. بۆ ئەو مەبەستەش بە پێی پێویستی کارەکە پشتمان بە میتۆدەکانی (وەسفی،شیکاری) و هەندێ جاریش شێوازگەریش بەستوە.پاشان ئەنجامەکانی توێژینەوە و پوختەکەی بە هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرچاوەکانمان خستۆتەڕو.

## 3.چەمك و پێناسەی فەزای شوێن و ڕۆڵی لە بنیادی ڕۆماندا:

هەمو ئەو شتانەی دەوری مرۆڤیان داوە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بە فەزا دابنرێت، بۆیە ئەم زاراوەیە واتایەکی زۆر فراوانی هەیە، لە ژێر سێبەریدا چەندەها پێکهێنەری پاژەیی لێ پێکهاتوە، وێڕای ئەمانەش فەزای ڕۆماننوس سنوری جوگرافیا سەبارەت بە شوێنی ڕوداوەکان دەبەزێنێت بۆ بەرهەمهێنانی بابەتی ڕوداوەکان کە لە کردار و هەڵسوکەوتی کەسییەتییەکان لە کات و شوێنی دیاری کراودا هاتۆتەکایەوە.کە دەشێ لەم پرسیارانەدا چڕیان بکەینەوە: کە فەزای شوێن چییە؟ کاریگەری و جۆر و ڕەگەز و پێکهاتەکانی کامانەن ؟ بایەخ و پێگەی لە کاری ڕۆماننوسیدا چییە و چۆنە؟

لە ڕاستیدا"لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەمان بۆ فەزا و ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەوبارەیەوە ئەنجامدراون، دوچاری کێشەیەک بووین، ئەویش جیاکردنەوەی دەستەواژەی "فەزا" لە "شوێن"ە ، چونکە دەبێت ئەو دوو زاراوەیە جیابکرێنەوە، لەسەر بنەمای ڕوانگەی هایدگەر، بۆ ئەم پرسە محمد بێنیس بەو ئەنجامە دەگات کە "شوێن جیایە لە فەزا" لە هەمان کاتدا شوێن هۆکارێکە بۆ دروست بوونی فەزا، واتە "فەزا هەمیشە پێویستی بە شوێن هەیە"(سدان, حباد, ایوب, فاطمة، 2020: 4) ''وشەی (شوێن) واتایەکی زۆری هەیە، زۆر بواری مەعریفەی داگیر کردوە، ئەم وشەیە لە بوارە زانستی و ئەدەبییە جۆراوجۆرەکاندا دەنگدانەوەی خۆی دۆزیوەتەوە، جا ڕێککەوتن هەبێت یان لە سەری ناکۆک بن، تێگەیشتنەکانیان لەو بارەیەوە جیاوازە لەوەی کە پێشینەکانی پێی گەیشتوون، سەبارەت بەو زانستە جەختیان لەسەر یەکێک لە ماناکانی کردووەتەوە. بۆ نمونە فیزیازانان پشتڕاستیان کردوەوە کە فەزا دەجووڵێت، بەپێچەوانەی تیۆری ئەرستۆ لەبارەیەوە'' (شلاش,2011: 244).

دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی زاراوە یان دەستەواژەی فەزای شوێن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکەو لە شوینێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و لە سەردەمیکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە و وەك یەك نییە ،ئەمەش وابەستەیە بە کلتور و شێواز

و بابەتی زەمانەوانی و ئاستی تێگەیشتن و ڕۆشنبیری و شێوەی بەکارهێنانی ئەم چەمکە. بۆیە "دەستەواژەی فەزا لەنێو ڕەخنەگرانی ڕۆژئاوادا باو و ئاساییە، لە نوسین و وتارەکانیاندا ئاماژەی پێدەکەن، لە کاتێکدا زاراوەی شوێن بەشەرمەوە دەردەکەوێت؛ بەڵام عەرەبەکان لە دەقە ڕەخنەیەکانییاندا دەستەواژەی فەزایان بەشێوەیەکی تایبەت بەکارنەهێناوە، بۆ ئەوان، زاراوەی "شوێن" پێگەیەکی ئینتباعی گەورەتری داگیرکردووە. هەروەها ڕەنگە هەندێک وشەی فەزا ڕەت بکەنەوە و ناوێکی دیکەی بۆ پەسند بکەن، توێژەر و ڕەخنەگر (مالیک مورتاز )لە جیاتی فەزا زاراوەیەکی دیکەی بەکارهێناوە کە شوێنە، چونکە پێی وایە فەزا وابەستەیە بە تێڕوانینی کەسەکەوە کە چەمکی یەکەمە، پێویستە واتاکەی لە بۆشاییدا بونی هەبێت، لەکاتێکدا ئەو فەزایەی ئێمە هەمانە بەکارهێنانی ئاماژەیە بۆ دەرکەوتن، کێش، قورسایی، قەبارە و شێوە، لەبری ئەوە ئەو شوێنەی دەمانەوێت لە ڕۆمانەکەدا لەسەری بوەستین بەتەنها کار لەسەر چەمکی فەزای جوگرافی دەکەین"(نصيرة،2010: 4). بەم شێوەیە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە تێڕوانینی ڕۆژئاواییەکان بە بەراورد بە تێڕوانینی عەرەبەکان بۆ شوێن لە ئاستێکی بەرزتر و فراوانتر دایە ، چونکە فەزا لە گۆشە نیگای ڕۆژئاواییەکاندا پانتاییەکی گەورە و بەرین و تەمو مژاوی هەیە، هەر بۆیە "توێژینەوە لە چەمکی فەزا لە سەخترین ئەو ئەرکانەیە کە تێڕوانینی ڕەخنەی نوێ ڕوبەڕوی بۆتەوە بە حوکمی هەبوونی لاستیکیەتی و فرە لایەنی و ناڕونی لەم چەمکەدا. بەتایبەتیش لە زاراوەی شوێندا. کە ئەمەش کارێکی سەخت و دژوارە، بە هۆی نەبوون یان کەمی پیشینەی ئەدەبی لەم بارەیەوە، ئەمەش جیاوازی لە بیروڕای ڕەخنەگران و پسپۆران و لێکۆلەرانی ئەم مەیدانە بەدیاریکراویش سەبارت بەفەزای شوێن هێناوەتەکایەوە. لەبەرئەوە نوسەران و ڕەخنەگرانی ڕۆژئاوایی بە ڕێکەوت نەبێت ئەم زاراوەیەیان بەرچاو نەکەوتوە. لە بەرامبەردا لە ڕەخنەی عەربیدا ئەم بابەتە جیگای سەرنج و بایەخ پیدان و چاودێرییەکی ورد بووە"(شريف,2018: 235).

یەکێك لەتایبەتمەندییەگرنگەکانی هونەری گێڕانەوەی دەقی ڕۆماندا کە وەك ڕەگەزێکی کارا لەبەرچاو دەگیرێت و ڕۆڵێکی مەزنی لە جوانیی بەخشین بە دەقەکە هەیە، شێوازی گێڕانەوە و چۆنییەتی بینین و شێوازی نمایشکردن و خستنەڕوی فەزای شوێنە لە دیدگایەکی گەورە و بەریندا و لە سیاقی هونەری و ئیستاتیکایەکی بەرز و سەرنجڕاکێشدا . بەڵام لە تێڕوانینی هەندێکدا" فەزا واتا هەموو ئەوشتانەی دەوریان داوین و هیچ سنورێکیان نییە تا بەرکەوتنمان لەگەڵیدا هەبێت، بەڵام شوێن بەیارمەتی هەستەکانی بینین و بیستن یان تێگەیشتن و ئاوەزەوە هەست بەبوونی دەکەین"( ابو سمرة،2011: 81).بۆیە"سەبارەت بە چەمکی شوێن چەندین بیرو بۆچون و تێڕوانینی جیاواز هەیە، ئەمەش وایکردوە ئەم زاراوەیە بەناڕونی بمێنێتەوە،پێناسەیەکی ڕون و دیاریکراوی نەبێت، چونکە شوێن لە واقیعدا فرە شێوە و هەمەچەشن و بێ سنورە" (غصون،2011: 68). بۆیە وێڕای ئە و بیرو بۆچونە جیاوازانەی سەبارەت بە هەریەکە لە فەزا و شوێن هەیە دەکرێت بڵێین"شوێن بوونەوەرێکی زیندو و کارەکتەرە لە دەقی ڕۆماندا، کەسایەتییەکان تێیدا دەبزوتن و پەرەدەسێنن، ڕوداوەکان گەشە دەکەن و پێش دەکەون، شوێن ئەو ڕەهەندەیە کە دەبێت لە هەر دەقێکی گێڕانەوەدا دابین بکرێت، هەرچەندە خەیاڵیش دەربکەوێت، وەک چۆن ناکرێ ڕوداوەکان لە سەردەمێکی بێ شوێندا ڕوەبدەن مەگەر لە خەیاڵدا نەبێت"(غصون،2011: 68) فەیلەسوفی فەرەنسی (میشێل فۆکۆ) ئەو "فەزا بەو ڕەهەندە دەناسێت کە ئێمە تێیدا دەژین و خۆمانی تێدا دەبینینەوە، ڕوداوەکانی ژیانمان تێیدا ڕودەدەن و لە ناویدا تاکایەتی و بونی ئێمەدا ڕودەدەن، ئێمە ڕونی دەکەینەوە" (Foucault و1967: 24) واتە "مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی فەزا و کات لە چیرۆکەکانی ئەمڕۆدا دەتوانێت لایەنی دیکە بخاتە بەردەم خوێنەران.(حسين،2020: 723).هەروەها " کریستیڤا پێیوایە بینینی نوسەر دەست بەسەر فەزای ڕۆمانەکە بەشوێن و کارەکتەر و پەیوەندی نێوان کارەکتەرەکان و هەروەها پەیوەندی نێوان شوێن و کارەکتەرەکانیشەوە دەگرێت "( ئەحمەد، تاهیر، 2021: 54).

کەواتە شوێن لە ڕۆماندا بەهۆی ئەو ڕۆڵ و ئەرکە گرنگەی هەیەتی دەتوانێت پێگەیەکی گەورە بەدەست بهێنێت، نەک تەنها لەبەر ئەوەی یەکێکە لە توخمە هونەریەکانی، یان ئەو شوێنەیە کە ڕووداوەکان تێیدا ڕوودەدەن و کارەکتەرەکان لە ڕێگەیەوە دەجووڵێن، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە هەندێک بەرهەمی جیاوازدا دەگۆڕێت بۆ فەزایەک کە هەموو شتەکان لەخۆدەگرێت. هەر لە توخمەکانی ڕۆمانەکەوە بگرە تاوەکو ڕووداو و کارەکتەرەکان، هەبوونی پەیوەندییەکانی نێوان شوێن و ڕەگەزەکانی دیکە کەشوهەوایەکی سەرنجڕاکێش بە دەقەکە دەبەخشێت، لەهەمان کاتدا وا لە ڕۆماننوس دەکات ، جوانتر و هونەریانەتر دیدگای خۆی دەرببڕێت، ئەمەش پاڵنەر و یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی پێکهاتەی ڕۆمانەکە، جگە

لەمەش شوێن تۆخمێکی پێویست و سەرەکییە لە ڕۆماندا و چەندین شێوەی هەیە و چەندین مانا لەخۆدەگرێت. لە ڕاستیدا " شوێن ئەو زەمینەیە کە وردەکارییەکانی تەواوی بەرهەمەکە بەیەکەوە دەکێشێت و دەردەخات، ئەگەر ڕون بێت، کاتی گێڕانەوەکە ڕونتر دەبێتەوە، وە ئەگەر بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، کارەکتەرەکە تێدەگات، وە ئەگەر ڕۆمانووس بە ڕاستگۆیی مێژویی و ڕاستگۆیی هونەری،لێی نزیك بێتەوە کارەکانی لە مێژوودا درێژ دەکرێنەوە" (البياتي، 2011: 119). بەڵام " فەزا، بە شێوەیەکی

ئیدیۆماتیک، ئەو شوێنەیە کە کەسایەتی و شتەکان تێیدا دەردەکەون، هاوتای ڕووداوەکانە،گرێدراوە بە چەند هۆکارێکی پەیوەست بە دیدگای فەلسەفی و جۆری ژانری ئەدەبی و هەستیاری نوسەر یان ڕۆمانئوس"(حمدي، بان، 2011: 198)." هەبونی مرۆڤ مەرجە بۆ هەبونی فەزاو دامەزراندنێکی خودییە، هەربۆیەش جگە لەفەزاو ڕۆڵ و بایەخی خودی خۆی نەبێت بەرجەستە نابێت، بون و نەبونی لە فەزادا ئامادەیی هەیە. بۆیە" بونی مرۆڤ بە واتای بون لە بۆشاییدا دێت. فەزا سەرتا و کۆتاییە"(سعدان,2020: 3) فەزا، بە هەمو هەمەچەشنییەکەیەوە، لە یەک پێکهاتەدا تێکەڵ بووە و کۆمەڵێک شوێنن کە چەندین کارەکتەری تێدا جێگرکراون."فەزا، وەک حەمید الحمدانی ڕوونی کردۆتەوە: (یەکسانە لەگەڵ چەمکی شوێن لە ڕۆمان ، بێگومان بە مانای شوێن نییە. واتە مەبەست لەم دەستەواژەیە ئەو شوێنە نییە کە لە ڕۆمانەکەدا نووسراوە، بەڵکو ئەو شوێنەیە کە وێنای دەکات، وەرگرەکە لە مێشکدایە" (الحمداني ,2000: 54). ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مرۆڤ پێگە و کاریگەرییەکی بە هێزی لە دیاریکردن و هێنانەکایەوەی فەزادا هەیە.

## 4.جۆرەکانی فەزا :

شوێن وەک توخمێکی چالاک، لە گەشەکردن و بنیاتنانیدا، لە سروشتی ئەو کارەکتەرانەی کە لەگەڵیدا کارلێک دەکەن و لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتردا، دەچێتە ناو ڕۆمانەکەوە. بۆیە دەتوانین وەک تۆڕێک لە پەیوەندی و دیدگاکان سەیری شوێنەکان بکەین کە بە هاودەنگی لەگەڵ یەکتردا کاردەکەن بۆ بنیاتنانی فەزای گێڕانەوە. شوێن بە هەمان وردبینی وەک توخمەکانی دیکەی ناو ڕۆمانەکە ڕێکدەخرێت. بۆیە شوین کاریگەری بەهێز لەسەر ڕووداوەکانی نێو دەق دروست دەکات بەو پێیەی گوزارشت لە مەبەستی نووسەر دەکات. بەڵام فەزای گێڕانەوە هەمەلایەنەتر و فراوانترە لە شوێن بەو پێیەی بۆتە قاوغی شوێنەکانی تەواوی ڕۆمانەکە، جگە لەوەی پەیوەندییەکانی بە ڕووداو و بۆچونی کارەکتەرەکانەوە لە ڕێگەی چەند ڕوانگەیەکەوە سەرهەڵدەدات.هەر لەم سۆنگەوە کە "فەزا وەك قاوغێك بۆ شوێن دەردەکەوێت، بۆیە دەشێ بڵێین فەزا گشتگیرتر و فراوەنترە لە شوێن ، واتا شوێن لەم ڕوانگەیەوە پێکهاتەیەکی فەزایە. فەزا هەمیشە "دەفرێکی جیهان" بووە کە بوونەوەر و شت و کردارەکانی تێدا ڕێکدەخرێن، ستانداردێکە بۆ پێوانەکردنی هۆشیاری و پەیوەندییەکان و ڕێکخستنەوەی وجودی و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان. کۆمەڵێک توێژەری عەرەب هەستیان بە پێویستی هەبوونی پێکهاتەیەکی فەزا کرد تا ببێتە ئاماژەیەک بۆیان لە ڕێبازەکانیان.توێژەر حەمید ئەلحمیدانی، لە ڕێگەی کتێبی "پێکهاتەی دەقی گێڕانەوە"، بابەتێکی پێشکەش کردوە. ئەو چەمکانە لەخۆدەگرێت کە لە پێناسەکردنی جۆرەکانی فەزادا پێی گەیشتووە وەك(فەزای هاوتا لەگەڵ شوێن، فەزای دەقی، فەزای مانا، فەزای ڕوانگە یان بینین"(فريدة، مسهل،2015: 7). هەر بۆیە یەک تێڕوانین بۆ فەزا نادۆزینەوە، بەڵکو چەند تێڕوانینێک بەدی دەکرێ کە ڕەخنەگران لە چوار بەشدا سنووردداریان کردووە کە ئەمانەن:

أ- فەزای دەق.

ب_فەزای واتاسازی.

ج_فەزا وەک ڕوانگە یان دیدگا.

د_فەزا وەک هاوتای شوێن یان فەزای جوگرافی (سعدان,2020: 3).

هەروەها لە دابەشکردنێکی دیکەدا "شوێن دابەش بوە بەسەر شوێنی چەمکی، شوێنی هەستکردن، شوێنی فیزیکی و شوێنی ڕەها".(الخولي، 1989: 13). دیارە جگە لەمانەش دەتوانین ئاماژە بە چەندین جۆری دیکەی شوێن بکەین، کە گرنگی و کاریگەرییەکی مەزنیان لە پێکهاتە و بونیادی هونەری چیرۆك و ڕۆماندا هەیە، وەك شوێنی فەنتازی، شوێنی ئەفسانەیی و کلتوری و مێژوویی. وێڕای ئەمانەش جیاوازی فەزای شوێن لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی شوێندا وەك: (ئیستاتیکای شوێن، سیمیۆلۆژیای شوێن، تەکنیکی شوێن) ئەوەیە کە فەزای شوێن لە هەموان فراوانتر و گشتگیر ترە و بۆتە کەڤەرێك بۆ گشت شوێنەکانی دیکە و هەر هەموویانی لە چوارچێوەی خۆیدا چڕ کردۆتەوە.

## 5.گرنگی و بایەخی فەزای گشتی و شوێن:

فەزای شوێن یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کاریگەریەکی مەزن و فراوانی لە هێنانەکایەوەی بەرهەمی ئەدەبیدا بەگشتی و بەرهەمی ڕۆمانیش بەتایبەتی هەیە، چونکە ڕەگەزەکانی دیکە بەبێ فەزای شوێن لە گێرانەوەی ڕووداوەکاندا لە لایەن گێڕەرەوەدا نرخ و بایەخێکی ئەوتۆی نییە، بۆیە بۆتە جێگای گرنگی پێدانی ڕۆمانوسان و لە بەرجەستەکردنی بەرهەمەکانیاندا پشتی پێدەبەستن "ئەمەش بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە:

أ- فەزا ئەوپەڕی گرنگی لە داڕشتنی تاک و هەست و سۆزەکانی لە قۆناغە سەرەتاییەکانییەوە هەیە و کاریگەری دەخاتە سەر هۆشیاری و هەستی سەربەخۆیی تاک و پەیوەست بوونی بە فەزای ئەبستراکتەوە، وەك (الجاحز)ئاماژەی پێکردوە و لە نامەکەیدا نوسیویەتی شوێن و دەوروبەر کاریگەری لەسەر بارودۆخی مرۆڤدا هەیە.

ب- گرنگی شوێن لە گرنگی کات بۆ مرۆڤ کەمتر نییە، چونکە ئێمە ناتوانین خەیاڵ بکەین بۆ ئەو ڕوداوانەی کە لە دەرەوەی شوێنەکەمان ڕوودەدەن، بەڵکو دەبێت لە سیاقی فەزایی ڕاستەقینەدا ڕوو بدەن، ڕۆڵی شوێن لە ڕۆماندا تەنیا بۆ دیکۆرات نییە، چونکە پشت بە وەسف و وێنەکێشان نابەستێت...خوێنەر دەتوانێت لە ڕێگەی بەدواداچوونەکانیەوە بۆ ڕوداوەکە شوێنەکە دیاری بکات. چونکە نوسەر ڕاستەوخۆ شوێنەکەی پیشان نادات.

ج-فەزای گێڕانەوە تەنیا تەکنیکێک، تەوەرێک، یان چوارچێوەیەک نییە بۆ کردەی گێڕانەوە، بەڵکو زیاتر مادییە.

د- فەزا جەوهەری ڕۆماننووسین و هەوێنی نووسینی ئەدەبی یە" (فريدة، مسهل،2015: 17).

جگە لەمانەش شوێن ڕۆڵێکی تەواوکەری گرنگی لە ڕۆڵی کاتی ڕۆمانەکەدا هەیە، هەروەها گرنگییەکی زۆریشی لە چوارچێوەدان بە مادەی گێڕانەوە و ڕێکخستنی ڕوداوەکان هەیە، پەیوەستە بە هێڵکاریی ڕوداوەکانی گێڕانەوە، بۆیە دەتوانرێت بڵێین ئەو ڕێگایە پێکدەهێنێت کە بەرەو گێڕانەوە دەیگرێتەبەر. ئەم پەیوەندییە لە نێوان شوێن و کات و ڕوداودا یەکگرتوویی و هاوئاهەنگی بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت و ئەو ئاراستەیە دیاری دەکات کە گێڕانەوە بۆ بنیاتنانی گوتارەکەی دەیگرێتەبەر، پاشان ڕێکخستنی دراماتیکیی ڕوداوەکە دەبێتە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی شوێنەکە. کەواتە "شوێن، وەک توخمێکی ڕۆمان، ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە، چونکە ڕەنگە لە تەنها پاشخانێکی ئاساییەوە، کە ڕوداوەکانی ڕۆمانەکە لەسەری ڕودەدەن بگۆڕێت بۆ توخمێکی فۆرماتیف لە بەرهەمی ڕۆماندا"(البحراوي،1990: 32). بەڵام"هەندێك لە بیرمەندان فەزا وەك کەونێك دەبینین لە ڕوانگەی دیالێکتیکێکی سێ لایەنەی نێوان فەزای هەستپێکراو و بینراو و ژیانکردنەوە" ( عمر، 1996: 2). شوێن بەهەموو جۆرەکانییەوە لە گرنگترین پێکهاتە بنەڕەتییەکانی ناو ڕۆمانە، پانتاییەکی گەورەی لە پێکهاتەی گێڕانەوەی خۆیدا داگیر دەکات و لەگەڵ باقی شوێنەکان فەزای ڕۆمانەکە پێکدەهێنێت. بەڵام فەزای شوێنی جوگرافی لە سیاقی ڕۆماندا لە سەروی هەموویانەوەیە ، کە ڕوداوەکانی تێدا سەرهەڵدەدەن و ململانێی نێوان کارەکتەرەکانی لە چوارچێوەی دەقێکی گێڕانەوەی یەکگرتوودا لێ بەرجەستە دەبن. چونکە شوێن لەو ڕەگەزانەیە کە دەبێت جوڵەی کارەکتەرەکان و ڕەوتی ڕوداوەکان لە خۆ بگرێت.

### 6.پەیوندی فەزا بە وەسفەوە :

فەزا ڕەنگدانەوەیەکی سەرەکی لە سەر ڕەوتی گێڕانەوەی ڕوداوەکاندا هەیە، کە لەلایەن گێڕەرەوەدا دەخرێتەڕو، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ خۆی بخزێنێتە ناو چوارچێوەی وەسفکردنەوە،کەواتە لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانین بڵێین فەزا پەیوەندییەکی توند و تۆڵ و بەهێزی بەوەسفەوە لە ڕۆماندا هەیە، بۆیە" شۆێنەکە ئەگەر دیمەنێکی ئاسایی وەسفکارەکە بێت یان تەنها چوارچێوەیەك بێت بۆ ڕووداوەکە لەگەڵ تەواوی پێکهاتەکانی دیکەی ناو دەقی ڕۆماندا دەچێتە ناو سیاقی پەیوەندییەکی نزیکەوە.کە لە ڕێگەی جوڵەی گێڕەرەوەی ڕووداوەکانی ڕۆماندا دەخرێتەڕوو"(الضبع، 1998: 60).

### 7. سروشت و ئەرکی وەسف:

بەهاو پێگەی ڕەگەزەکانی ڕۆمان لەسەروی هەموویانەوە فەزای شوێن بەپێی سروشت و ئەرکی وەسفەوە دەگۆڕێت، کە لە لایەن گێرەرەوە یان ڕۆماننوسەوە دێتەکایەوە، چونکە وێڕای هەبوونی ڕەگەزی کاریگەر و سەرنجڕاکێش لە دەقی ڕۆماندا سروشت و ئەرکی وەسفیش هۆکارن بۆ شێوازی خستنەڕووی داهێنان و گۆڕانکاری و ئیستاتیکیەتی دەقەکە کە لەلایەن ڕۆماننوسەوە دیاری دەکرێت."گۆڕینی ڕیتمی گێڕانەوەکە لەلایەن گێڕەرەوە لە ڕێگەی شوێنە جیاوازەکانی ڕۆمانەکەوە، کە دەبێتە هۆکاری گۆڕینی شوێنەکان لە ناو فەزای گێڕانەوەدا، لە ئەنجامدا وەرچەرخانێکی یەکلاکەرەوە دێتە ئاراوە لە پێکهاتەی گێڕانەوەکە و ئەو کێشە دراماتیکییەی دەیگرێتەبەر" (الضبع، 1998: 60). ئەزمون و توانا و لێهاتوویی ڕۆماننوس لە بەرجەستەکردنی فەزای شوێن لە گێڕانەوەی ڕۆماندا ڕۆڵێکی سەرەکی بەرچاو دەبینێت بۆ ئەوەی نەمری و زیندویەتی ئیستاتیکییەت بە دەقی ڕۆمانەکە ببەخشێت. بۆیە " فەزای شوێن وەك هەموو چەشنە فەزایەکانی دیکەی هونەری، بناغەیەکی بەهێز لە ئەزمونی جوانی لە دەقی ڕۆماندا بنیاد

دەنێت. ئەمەش واتای ئەوەیە كە گۆڕانكاری لە كۆی داتا و هەست بەخشیندا بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ دێنێتەكایەوە" (نجمي,2000: 47 ).

**8 . ڕەنگدانەوە و كاریگەری فەزای شوێن لە ڕۆمانی (مۆزەخانەی كوڕە قژ درێژ )ی كاروان عومەر كاكەسوردا.**

فەزای شوێن لەم ڕۆمانەدا و لەلای ئەم نوسەرەدا لەئاستیكی بەرز و هەمەچەشن و فرە ڕەهەند و شێوازی جۆراوجۆردا بەدی دەكرێت، كە زیاتر خۆی لە شوێنەگشتی و تایبەتییەكان و كراوە و داخراو و نەمەت و شیوازەكانی شوێن خۆی دەدۆزێتەوە، وەك لە خوارەوە ئاماژەمان پێكردوە:

یەكەم: وسفی شوێنە گشتییەكان: لەم جۆرە وەسفەدا ڕۆماننوس زیاتر تیشكی خستۆتە سەر شوێنەگشتییەكان و جەختی لە بەش و پێكهاتەكانی ئەم شوێنانە كردۆتەوە، ویستویەتی لە فەزای ئەم شوێنە گشتییانەوە و لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە پانۆڕامای ڕوداوەكان بخاتەڕو، بۆ ئەوەی بتوانێت بەم هۆیەوە ئەو ئامانجانە بپێكێت كە لە خەیاڵ و هزر و بیریدا هەن، ئەمەش وایكردوە شوێنە گشتییەكان لە پاڵ شوێنەكانی دیكەی ناو ڕوداوی ڕۆمانەكە پانتایەكی بەرین داگیربكەن،وەك لەم فەزای شوێنە گشتییە هەمەچەشنانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنن:

أ-فەزای شوێنە سروشتییەكان:

فەزای شوێنی سروشتی لە ڕۆمانی (مۆزەخانەی كوڕە قژ درێژ )ی كاروان عومەر كاكەسوردا.پێگەیەكی بەرزی هەیە، بۆیە دەبینین فەزای شوێنی سروشتی بەڕێژەیەكی یەكجار زۆر بەرچاو دەكەوێت. كە تێیدا گێڕەرەوە هەموشتزانە و لە دەمی ڕابردودا و بەجێناوی كەسی سێیەمی تاك (ئەو) قسەدەكات و لەپاڵ وەسفكردنی فەزای شوینی سروشتیدا كە (شوێنی شاخاوی و ڕەزی گەورە)یە، سەربردە و بەسەرهاتی باپیری دەگێڕیتەوە، وەك لە سەرتای ڕۆمانەكەیدا دەڵێت" باپیری لە شارۆچكەیەكی شاخاویدا، ڕەزێكی گەورە و سەدان سەر مەڕی هەبونە، فرۆشتونی و هاتون بۆ ئەم شارە گەورە" (كاكەسور، ٢٠٢١: ٢١). لەم دەقەدا فەزای شوێنی سروشتی وەك بەشێكی سەرەكی لە فەزای شوینی گشتی، لە گۆشەنیگای گێڕەرەوە یان كارەكتەرەوە دەبینرێت، كە باس لە باپیری كوڕە قژ درێژ دەكات كە لە شارۆچكەیەكی بچوكی شاخاوی جوان و دڵگیردا ژیاوە و خاوەنی ڕەزێكی گەورە و مێگەلە مەڕی زۆر بوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ خانەدانی و دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانی باپیری، بەڵام لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەكانی و ڕوبەڕوبونەوەی هەمو ئەو بەربەستانەی هاتونەتە ڕێگای،دەكەوێتە خولیای فرۆشتنی سەروت و سامانەكەی گۆڕینی شوێنەكەی لە شارۆچكەیەكی بچوكی سادەو ساكارەوە بۆ شارێكی گەورە و جنجاڵ و پڕ كێشە و ئاریشە و ناخۆش و ئاڵۆز، لە ژینگەیەكی پاك و بێگەرد و خاوێنەوە بۆ ژینگەیەكی پیس وپڕ تۆز و دوكەڵ و ژاوەژاو.بەم شێوەیە دەبینین فەزای شوێن لەم دەقەدا كاریگەرییەكی گەورەی لەسەر ئەكتەر دروست كردوە، هەر ئەمەش هۆكار بوە بۆ ئەوەی بیر لە گۆڕێنی شوێنەكەی بكاتەوە بەمەبەستی بەرجەستەكردنی هیوا و ئاواتەكانی وەك گێڕەرەوە لەم دەقەدا ئاماژەی پێكردوە.

ب- فەزای شار : یەكێكە لەو فەزا سەرەكییانەی ئامادەبونێكی گەورە و زۆری لە ڕۆماندا هەیە، بە تایبەتی لە سیاقی شوێنی گشتیدا، لە هەمان كاتدا قەبارەیەكی گەورەی لە ڕۆمانەكانی ئەم ڕۆماننوسەدا داگیركردوە، بە شێوەیەك بینینی شار لای ئەو تەنها خوێندنەوەی دیوی یەكەمی شتە زەق و بەرچاوەكان نیە. بەڵكو بینینی شارە زیاتر لە گۆشەنیگایەك و زۆرتر لە ڕەهەند و واتایەك و قووڵبوونەوەیە بە دیوی دوەمی شتە شاراوەكان و باسكردنی ئەوبابەتانەیە كە باس نەكراون و ئاشكراكردنی ئەو نهێنییانەیە كە تا ئێستا پەیان پێ نەبراوە.ئەمەش وایكردوە لەم دەروازانەوە تێكەڵی فەزای شار ببێت و بیانخاتەڕو:

_ سیما و ژینگەی شار : ڕۆماننوس بۆ زیاتر وروژاندنی خوێنەر و بەخشینی چێژ و خۆشی ئیستاتیكیەت بە دەقەكانی ڕۆمانەكە، هەمیشە ویستویەتی پەنجە بۆ ئەو پرسانە درێژ بكات كە بابەتی هەنوكەیی و ڕۆژ و سەردەمەكەن سەرچاوەن بۆ سەدان ئاریشەی ئابوری و كۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئاینی و ڕۆشنبیری،هەروەها هۆكاری سەرەكین بۆ كاڵبونەوەی مرۆڤایەتی و لێكهەڵوەشاندنەوەی خێزان و كۆمەڵگە،بۆیە ڕۆماننوس لە سەرەتای ڕۆمانەكەیدا بایەخی كۆمەڵگە بە داب و نەریتی كۆن و بابەتی پڕوپوچ دەخاتەڕو بە

پاڵنەر و هاندەری دواكەوتویی تاك و كۆمەڵگەی دەزانێت  لە ڕوانگەی فەزای شوێنەوە گوزارشت لە بیروبۆچونەكانی دەكات و دەڵێت: ”لێت ناشارمەوە قژ كورت گیان، حەفتەی پێشو بە ڕێكەوت لە هیندستان فاڵچییەكم بینی،كەس نییە ئەوە نەزانێت هیندستان چەند بە فاڵچی شارەزا و لێهاتو ناسراوە“(كاكەسور، ٢٠٢١: ١٩).

-بازار: ئەمەش وەك  بەشێكی دیكەی فەزای شوێن هەر لە سەرەتاوە بۆ ناوەڕاست و كۆتاییەكانی ڕۆمانەكە بەكار هاتووە. گێڕەرەوە بەشێوەی هەموشتزان تیشكی خستۆتە سەر فەزای بازاڕ و تێڕوانینەكانی بۆ ئەم شوێنە لە سیاقی نەرێنی و ڕەشبینی و بەشێوەی هەموشتزان خراوەتەڕو. تا ئەو ڕادەیەی  نائومێدی و بارودۆخێكی دەروونی شیواو و خراپ هەمولایەكی دەقەكانی لەم ڕووەوە تەنیوە و دەڵێت: ” بازاڕ لە پێش هەر شوێنێكی دیكەوە تاریک دادێت و هیچ شوێنێكی تریش نییە هێندە تاریک بێت. ئەوەتا وا تاریكی ئەم ناوەی تەواو داپۆشی“(كاكەسور، ٢٠٢١: ٩٥-٩٦). لێرەدا  لەدال و مەدلولی تاریكی بازاردا دەتوانرێت زیاتر لە لێكدانەوەو شرۆڤەیەكی بۆ بكرێت، تاریكی بازاڕ و زو ئاوابونی خۆر ڕەمزە بۆ  بازاڕی ڕەش كە واتای ئەو پەڕی بێ هودەیی و ڕەشبینی لەلایەك و بێ یاسایی و نادادی و بەرەڵایی دەگەیەنێت كە كۆمەڵگە بەدەستییەوە دەناڵێنێت. جگە لەمەش لە زنجیرەی ڕوداوەكانی دواتر لە جێگایەكی دیكەدا گێڕەرەوە باس لە یاخی بوون و دژەباوی هەڵسوكەوتە جیاوازەكانی  كوڕە قژ درێژ دەكات بەهێشتنەوەی قژی بۆ ئەو ڕادە زۆرەی كە لە هی كچان درێژ تر بێت، كە بۆتە هۆكاری نامۆ بونی لە كۆمەڵگەدا. لەگەڵ ئەوەی تاقانەی دایك و باوكیشیەتی وەك دەڵێت”كوڕە قژدرێژ تاقانەی ژن و مێردێكی ناسراوە. لە گەڕەكێكی دەوڵەمەند نشیندا كۆشكێكی نایابیان هەیە. بۆیە بە كوڕە قژدرێژ ناسراوە، چونكە كاتێک لە دایک بووە، قژی خاوی گەیشتۆتە سەرشانی، بەڕادەیەک دکتۆرو سستەرەکانیش سەریان لێی سوورماوە. تاوەکوو ئەوکات نەک کوڕ بەڵکو کچیشیان نەدیوە بەقژی وا درێژەوە هاتبێتە دنیاوە“ (كاكەسور، ٢٢١: ١١). پاشان گێڕەرەوە هەر بە شێوەی هەموشتزان  باس لە نوستالژیای ئەم كارەكتەرە دەكات  و بۆ ئەو ڕۆژانە دەگەڕێتەوە كە  كە لە شەقامە جنجاڵەكانی شاردا شانەی فرۆشتوە. دەڵێت: وا بەرەو شەقامە قەرەباڵغەكەی بەشی خۆرئاوای شار هەنگاو دەنێت، كە پێشتریش جۆرە شانەیەكی زۆری دەگمەنی لێ فرۆشتووە (كاكەسور، ٢٠٢٣: ١٢١).  لێرەدا گێڕەرەوە بەشێوەی فلاشباك بۆ ڕابردو گەڕاوەتەوە و ڕوداوەكان دەگێڕێتەوە و یادەوەرییە ترش و تاڵەكانی ژیان دەخاتەوە پێش چاو. لە جێگەیەكی دیكەی ناو ڕۆمانەكەدا گێڕەرەوە لە سیاقی فەزای شوێندا كە فەزای كۆڵانێكی تەسكە وەك سومبولێك بۆ كۆمەڵگەیەكی هەژار و داماو و  كۆنەپەرست  و دەمارگیر, لە هەمان كاتیشدا ئاماژە بە دیاردەیەكی خراپ و قێزەونی ناو ژینگەكەی دەكات, ئەویش دیاردەی كوشتنی ژنانە بێ تاوان، كە بوە بە كلتوری بەشێكی خەڵك لە كۆمەڵگەی دواكەوتودا. وەك دەڵێت: ”لە كۆڵانە تەسكەكە، ئەوەی مانگێ لەمەوبەر تەرمی سێ ژنی گەنجی لێ دۆزرایەوە“(كاكەسور، ٢٠٢١: ١٣٩). گێڕەرەوە لە بەشەكانی دیكەی ڕۆمانەكەدا چەندەها چەشنە فەزای شوێنی تر بە ئامانج دەگرێت، وەك ڕۆژنامەوانێكی چالاك و كامێرەمانێكی بەتوانا و بزێو دیمەنی چەندەها  دیاردەی ناخ هەژێن و ڕوداوی جەرگبڕ و كارەساتبار پێشان دەدات كە بونەتە سەرچاوەی ئاریشەی گەورە لە ناو كۆمەڵگەدا، وەك دەڵیت:”مامۆستایەكە چاكەت و پانتۆڵێكی كۆنی پۆشیوە، تایگەرتراپێكی خستۆتە سەر شانی و لە وێستگەیەكدا چاوەڕێی پاسە“(كاكەسور، ٢٠٢١: ٤٧). لێرەدا گێڕەرەوە باسی ڕۆڵ و كاریگەری فەزای شوێن دەكات لەسەر بارودۆخی ئابوری و كۆمەڵایەتی و رامیاری و ڕۆشنبیری و دەرونی تاك و كۆمەڵگە، بۆ ئەم مەبەستەش تیشكی خستۆتە سەر گۆشەیەكی ژیان و گوزەرانی فەرمانبەران و مامۆستایان وەك توێژێكی ستەملێكرا و بی ناز و داماو و زەحمەتكێش  پیشانیان دەدات. بەتایبەتیش دایكان كە دوو ئەركیان لە ئەستۆ گرتوە، كە ئەوانیش ئەركی دایكایەتی و بەخێو كردن و پەروەردەكردنی منداڵە لە پاڵ ئەركی مامۆستایەتیدا. كە دەڵێت: ”دایكی بەیانیان لە ئامادەییەكی كچان و ئێوارانیش لە ناوەندیەكی كوڕان وانەی ئینگلیزی دەڵێتەوە“ (كاكەسور، ٢٠٢١، ١٢). لێرەدا ئەگەرچی دیمەنی  جەور و ستەم و زەحمەتكێشی ئافرەتانی خستۆتەڕو، بەڵام پرسی ئافرەتی بەرز نرخاندوە. پاشان بە قوڵایی دیمەنەكانی فەزای شوێندا شۆڕبۆتەوە.وێنەكانی كاریگەری فەزای شوێنی لەسەر تاك و كۆمەڵگەدا خستۆتەڕو.هەر لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا ئاماژە بە پرسی ناكۆكی نێوان یاسا و دابونەریتی كۆمەڵگەمان بۆ دەخاتە ڕو. كە بۆتە ڕیگرێكی گەورە لە بەردەم پێشكەوتن و گەشەسەندنی كۆمەڵگە لە بوارە جیاوازەكاندا. دەڵێت”ڕاستە ئەمساڵ لەبەر قژی درێژی لە قوتابخانە دەركراوە، بەڵام هێشتا بە پێی یاسا دەتوانێت ساڵی داهاتو بۆ هەمان پۆل بگەڕێتەوە“ (كاكەسور، ٢٠٢١: ٣٣). لە لایەكی دیكەوە هەر بە شێوازی هەمو شتزان بەوردی باسی دەستدرێژی

دەسەڵاتداران دەکات بۆ سەر مافی تاك و گشتی، وەك دەڵێت:"چەند جارێک پۆلیسی پاراستنی ڕەوشت گرتویانە و لەبەر چاوی خەڵک بە کەیبڵ تێی کەوتون، بگرە لە ناوەڕاستی بازاڕدا بە مەقەستی کول قژیان هەڵپاچیوە، ئینجا بۆ زیندانیان بردوە" (کاکەسور، ٢٠٢١: ١٢). گێڕەرەوە چەندەها دیمەنی دیکە لە فەزای شوێن دەخاتەڕو بەمەبەستی زیاتر پێشاندانی تاوانەکانی دەسەڵات لەلایەك و باری خراپی مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژگار و سەردەمی ئەمڕۆدا لەلایەکی دیکەوە، دەڵێت: "کاتێک دەزانێت پەلاماری دەدەن بۆ دواوەی دەگەڕێنەوە. بەبێ دەنگی دەیخەنە ناو ئەو ئوتومبێلە جام تاریکەی وا لەبەر دەمی دەرمانخانەکەدا وەستاوە. یەکەمجارە لە ژیانی خۆیدا نەزانێت بۆچی گیراوە، لای ڕونە ئەوانە ئەندامی ئەمنن، بەڵام چ تاوانێکی کردوە، هەتا ئاوا قۆڵبەستی بکەن.؟ شەوی یەکەم دەیخەنە ژوورێکی تاریکەوە،کە کۆنکریتێکی ڕەق و تەقە،تەنانەت گۆشێکیشیان بۆ دانەخستوە" (کاکەسور، ٢٠٢١: ١٤٠). لێرەدا گێڕەرەوە لە نزیکەوە بەوردی ڕووداوەکان دەخاتەبەرچاو، ئێش و ئازاری مرۆڤەکان لە چوارچێوەی فەزای شوێنەکانی زینداندا پیشاندەدات. هەر لە جێگایەکی دیکەی ڕۆمانەکەدا گێڕەرەوە باسی خەم و مەینەتییەکانی توێژی هەژاران و ئەو دەردە کۆمەڵایەتییانە دەکات کە چەندەها ساڵە مرۆڤایەتی بەدەستییەوە دەناڵێنێت ، ئەویش کێشەی نەداری و بێکارییە. کە جیهانی ئەمڕۆی سەرقاڵ کردوە.دەڵێت"بیر لەوە دەکاتەوە لە بەیانیەوە دەست بداتە کارێک، بەڵام چ کارێک سەرماییەی ناوێت، واچاکە بچێتە مەیدانی کرێکاران و لەوێ چاوەڕێی وەستایەک بکات، تاکو بیباتە کار" (کاکەسور، ٢٠٢١: ٨٧). لێرەدا گێڕەرەوە ئاماژەی بە کێشەیەکی گەورە کردوە کە هەژاری و بیمەی بێکاری و هەلی کارە، کە لە ئەنجامی نەبونی یاسا و بێ پلانی و گەندەڵییەوە هاتۆتەکایەوە.فەزای شوێن لەم دەقانەدا هەرهەموی لە سنوری فەزای شوێنی گشتیدا چڕ بوونەتەوە. کاریگەری فەزای ئەم شوێنە جیاوازانە لەسەر تاك و کۆمەڵگە و پەیوەندی نێوانیان بەشێوەیەکی ئیستاتیکی و هونەری بەرز بەرجەستەکردوە.

دووەم: وەسفی شوێنە تایبەتییەکان. شوێنی تایبەتی لەڕۆمانی کوڕە قژ درێژدا لە ئاستێکی بەرز دایە و جێگای بایەخی ڕۆماننوسە ئەمەش بۆ بارودۆخی تایبەتی نوسەر دەگەڕیتەوە، گێرەرەوە لەوەسفی شوێنی تایبەتیدا لە جێگایەکدا نەوەستاوە بەڵکو وردبینانە و بابەتیانە چاوی بە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەم شوینانەدا خشاندووە، مامەڵەی لەگەڵ فەزای ئەم شوێنانە کردوە باسی زۆرێك لەم شوێنە تایبەتیانەی کردوە، کە لە خوارەوەدا ئاماژەی پێکراوە:

١-ماڵ: ماڵ لەو جۆرە شوێنانەیە کەسنورێکی دیاریکراو و تایبەتمەندی و پیرۆزی خۆی هەیە، فەزای ماڵ گوزارشت لە کەسایەتی و بارودوخی سایکۆلۆژی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئایینی خاوەن ماڵ دەکات، ماڵ وەك فەزای شوێنی تایبەتی پەناگە و ئارامگە و مۆزەخانە و مێژووی ژیانی ڕابردو و نۆستالژیایی منداڵیی و ئێستا و ئایندەیە، لە هەمان کاتدا ماڵ سیما و یادەوەرییەکانی خاوەن ماڵ و خێزان دەپارێزێت و لە خۆدەگرێت و دەبێتە دەفرێك بۆ پاراستنی خەون و خەیاڵ و نهێنی تاکەکانی خێزان، ماڵ یەکێکە لە توخمە حەتمییەکانی ژیان، قەڵایەکی بەهێزیشە بۆ پاراستنی مرۆڤ لە ساردی و گەرمی خۆشی و ناخۆشی پەناگەیەکی گرنگە بۆ ئارامی، بۆیە گێڕەرەوە لە وەسفکردنی شوێنی تایبەتیدا بەوردی باسی کوڕە قژ درێژ دەکات و دەڵێت: "کوڕە قژدرێژ واڕاهاتوە کاتێ بۆ ماڵ بگەڕێتەوە، کلیل لە گیرفانی دەربهێنێت و لەپێشدا دەرگەی حەوشە و دواتر دەرگەی ژورەوە بکاتەوە، خۆی لە ماڵێکی چۆڵ و ئارامیدا دەبینێتەوە" (کاکەسور، ٢٠٢٣: ١٥). لەم دەقەدا گێڕەرەوە بەشێوازێکی ورد و هەمو شتزان باس لە کاریگەری فەزای تایبەتی ماڵ دەکات لەسەر بەرجەستەکردنی ئارامی دەرونی و ئومێد بەخشین. بۆیە ئاماژە بە کورە قژدرێژ دەکات کە چۆن بۆ گەیشتن بەئارامی پەنا بۆ ماڵ دەبات. دواتر گێرەڕەوە زیاتر بە قوڵایی فەزای تایبەتیدا شۆڕ دەبێتەوە و دەچێتە سەرباسی وردەکارییەکانی فەزای شوێنی تایبەت و یەك یەك دەرگای ژورەکانی دەکاتەوە و بەدوای شتە ورد و شاراوەکاندا دەگەڕێت. لە یەکێك لەبەشەکانی دەقی ڕۆمانەکەدا دەڵێت:" ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە ماڵ و باوکی بە کزی دەبینێت، نەخێر، لە پێشدا ئوتۆمۆبێلە نایاباکەی لە گەراژدا دەکەوێتە بەرچاو بەسویتێکی ڕەش و کراسێکی سپیەوە لەسەر تاکێک قەنەفەی ژووری میوان دانیشتووە"(کاکەسور، ٢٠٢١: ١٤). لێرەدا گێرەرەوە کاتێك باسی کارەکتەرەکان دەکات لە سنوری فەزای شوێنی تایبەتیدا کە چوارچێوەی ژوور و ماڵەکەیە، لە دیوی یەکەمدا تەنها هەست بە شتە ڕوکەشەکان دەکەین و ڕوی دەرەوەی شتە ڕواڵەتییەکان دەبینین، بەڵام لە دیوی دووەمدا جیهانێکی فراوان و ئاڵۆز و پڕ نهێنی بەدیدەکریت کە هەزاران پرس و خەون و خەیاڵ و هیواو ئاواتی لە ناخی خۆیدا حەشارداوە.

سێیەم: نەمەت و شێوازی شوێن: نەمەت و شێوازەکانی شوێن هەمەچەشن و هەمە ڕەنگ و فرە ڕەهەندە وەك نەمەتەکانی  کۆن و نوێ و زۆرەملێ و ئارەزومەندانە بەرز و نزم و جوان و ناشیرین، سادە و ئاسان ، ئاڵۆز و سەخت ، زۆر نەمەت و شێوازی  دیکە، کە لە نێو دەقەکانی ڕۆماننوسدا بە ڕادەیەکی زۆر بەدی دەکرێت، ئەمەش بۆ شارەزایی و لێهاتوویی و توانای رۆماننوس لە هەڵبژاردنی نەمەتەکانی فەزای شوێن دەگەڕێتەوە، کە کاریگەری لەسەر  نەمری و زیندو هێشتنەوە و ئیستاتیکیەتی دەقەکانی ڕۆمانەکە هەیە. سەبارەت بە نەمەتی شوێنی ئارام دەڵێت:" کەی دەبێتە خاوەنی ماڵ و ئیدی شەوان لەبەر دەرگای دوکانەکاندا نەخەوێت؟ ....کەی لە ماڵەکەیدا شوێنێکی تایبەت بۆ کتێب تەرخان دەکات و لە کەشێکی ئارامدا دەخوێنێتەوە؟" (کاکەسور، ٢٠٢١: ٩١). لێرەدا گێڕەرەوە لە سیاقی نەمەتی فەزای شوێندا و بەشێوەی پرس کردن وێنەی ڕووداوەکانی بەوردی خستۆتە ڕوو، هەروەها لە جێگایەکی دیکەی ڕۆمانەکەدا ڕۆماننوس لەسەر شێوازی نەمەتی کۆنی فەزای شوێندا فەزی شوێن و ڕۆڵ و ئەرکی کارەکتەرەکان پێشاندەدات و زنجیرەی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە کە دەڵێت: "ئەمڕۆ هەتاوێکی خۆشە و هەرسێکیان دەچنە مۆزەخانەی نیشتمانی....کوڕە قژدرێژ نایشارێتەوە زۆر دڵی لە مۆزەخانە ناکرێتەوە، بەڵام چونکە ژنەی ژێرزەمین و کچی چیرۆک پێیان خۆشە، ئەوا دەچێت، هەر لەدەرگا ڕادەچڵەکێت، چونکە تێکرای ئەو شتانە دانراون و خەڵک لێیان دەڕوانن، هەر ئەوانەن، کە خۆی لە ڕێگەی بازرگانەکانەوە بۆ ئێرەی هێناون، بگرە جگە لەمانە یەک شتی دیکە نابینرێت، لەهەر بابەتێک چوار دانەیان داناوە. بەکورتی بیست و هەشت جامخانەیان بۆ کردون. هەرگیز نەیزانیوە ئێرە یەکێک لە جەنجاڵترین شوێنەکانی ئەم شارە. قوتابی قوتابخانەکانیان بە پاس هێناون و لێرە هەڵیانڕشتون، تاکو بە مێژوی کەلەپوری خۆیان ئاشنا بکرێن" (کاکەسور، ٢٠٢١: ١٥٤). لەم دەقەدا ڕۆماننوس زیاتر مەبەستی سەرەکی پیشاندانی گرنگی شوێنەوارە کلتوری و مێژویەکان بوە لە سیاقی نەمەتی فەزای شوێنی کۆندا. جگە لەمەش  ڕۆماننوس هەوڵیداوە لە پاڵ نەمەتی کۆندا نەمەتی نوێش بەرجەستە بکات، بۆ ئەوەی تەوژمی گەشبینی خۆی لەمبارەیەوە  پێشان بدات، بۆیە گێڕەرەوە لە شوێنێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا دەڵێت: "لەو ساتەدا جیڕەی کردنەوەی دەرگەیەکی بەرانبەری خەیاڵی دەپچڕێنێت و هاوکات گوزەرێک ڕووناکایی دەردەکەوێت، ژنێک هەرلەوێدا دەبینێت و لێی دەڕوانێت، لەسەر پلێتێک نوسراوە (ساڵۆنی پەرچەمزێڕین بۆ بڕین و ڕێکخستنی قژی خانمان) و لە دەرگاکە دراوە. لەژێرەوە واتا لە دامێنی پلێتەکەدا، وەک ڕازاندنەوەی بوک، ماکیاژ، بۆیەکردنی قژ و شتی لەم بابەتە. لەوەتەی دەستی داوەتە دەستفرۆشی، ئەو ژنە لەوێ دەبینێت "(کاکەسور، ٢٠٢١: ٩٦-٩٧). لێرەدا ساڵۆنی ڕازاندنەوەی ژنان وەك جێگایەکی  هەستیار و  کاریگەری ژنان دەبینرێت.

چوارەم: فەزای شوێنی ئارەزومەندانە و زۆرەملێ:  یەکێکی دیکە لە نەمەتەکانی فەزای شوێن ئەو نەمەتانەیە دەچنە چوارچێوەی ئارەزومەندانە و زۆرە ملێوە و کەیەکەمیان لە ژێر بڕیار و هەستی خودی خۆیەتی، بەڵام دووەم دەکەوێتە ژێر فشار و جەختی هێزی دەرەکییەوە. سەبارەت بە شوێنی ئارەزومەندانە گێڕەرەوە دەڵێت:"جارێ ئەوە شوێنەکەی هەر زۆر بەناوبانگە، هەموو کاتێک مەترێک زەوی ئێرە، چوار جار لەهی دەوروبەر گرانترە، ڕوبەرەکەشی هەشت سەد مەتر دوجایە، سەرجەم کەل و پەلی ناو ماڵەکەی ئەنتیکن و لەدەرەوە بە گران کڕاون" (کاکەسور، ٢٠٢١، ٨٥). دواتر  لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: "لەسەر کورسیەکە خەوی لێدەکەوێت، قاچەکانی خستۆتە سەرمێزی بەردەمی و پرخەی دێت" (کاکەسوور، ٢٠٢١: ٧١). لێرەدا هەموو ئەو وشە و دەستەواژە و رستەو دیمەنانەی خراونەتە ڕوو  گوزارشتە لە فەزای شوێنی ئارەزومەندانە،بەڵام گێڕەرەوە لە هەمان کاتدا لەبەرامبەر ئەمەدا وەك دژیەکێك ئاماژە بە شوێنی زۆرەملێ دەکات و لە جێگایەکی دیکەی ڕۆمانەکەدا دەڵێت:"لەم زیندانەدا کۆمەڵێک کەسی دیون، کە لەبەر هەژاری پەنایان بۆ شەڕ و دزی بردوە، تێیاندا هەبوە تەنیا قوتویەک شیری بۆ منداڵە ساواکەی دزیوە. کوڕێک لە چێشتخانەیەکی بازاڕدا کاری کردوە و ئێواران بەرماوەی هێناوەتەوە. خاوەن چێشتخانەکە دیویەتی و بەگرتی داوە. دو پیاو لە گوفەکێکدا بەدوای خۆراک و شتو مەکدا گەڕاون و کاتێ ویستویانە داهاتی ڕۆژەکەش بەش بکەن، ڕێک نەکەوتون و بە بەرد یەکتریان داپڵۆسیوە، ئەمانەو زۆری تر خەونیان بە ژیانێکی ئاسودەوە دیوە" (کاکەسور، ٢٠٢١، ٥٦). لێرەدا گێڕەرەوە لە سیاقی فەزای شوێنی زۆرەملێوە باسی کێشەو ئاریشەکان  و ئێش و ئازار و خەمەکانی کۆمەڵگەکەی دەکات و بەسەرهات و چیرۆکی ئەوزێندانیانە

دەگێڕێتەوە کە نموونەی زەق و دیارن لە نێو کۆمەڵگەدا، واتە گێڕەرەوە لێرەدا بەشێوەی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە باسی ڕوی ڕاستەقینەی کۆمەڵگاکەی دەکات.

پێنجەم: ئاسۆیی و ستونی: هەریەکە لە فەزای شوێنی ئاسۆیی و ستونیش لە دەقەکانی ئەم ڕۆمانەدا بونێکی بەهێزی هەیە لە پاڵ هەبونی ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆماندا،ئەمەش بۆ توانا و لێهاتویی و ئەزمونی ڕۆمانوس لە بەکارهێنانی جۆرەکانی فەزای شوێن دەگەڕێتەوە، بۆیە لەم دەقەدا فەزای شوێنی ئاسۆیی بەکارهێناوە کە دەڵێت:"بۆ دوسبەی پەردەی ژوری نوستن لا دەدات. کرێکارێکی کارەبا دەبینێت، بە پەیژەیەکی درێژ سەرکەوتوە و گڵۆپی ستونی بەردەم ماڵێ دەگۆڕێت، دانەیەک لەو ئامێرە سەیرەشی پێیە، کە ناوی پایزیڤزیڤایە" (کاکەسور، ٢٠٢١، ٧٤). شان بەشانی ئەمە لە شوێنێکی ڕۆمانەکەدا ئاماژە بە شوێنی ستونی دەکات و دەڵێت:"ئینجا کوڕم لەم شارەدا کوا بەفر دەبارێت؟ ئەوە من تەمەنم لە پەنجا هەڵدەکشێت و تەنیا چەند جارێک دیومە لێرە بەفر باریوە، ئەویش هەر زوو توایەوە، خەڵک بەفرماڵ بۆ دەکڕن؟ ئەوە کڕیشیان چی پێ دەکەن؟ ئینجا چاوێک بە ئاسماندا دەگێڕێت و دەڵێت: بەم گەرمایە وا گڕ دەبارێت و تۆ داوای بەفرماڵم لێدەکەیت"(کاکەسور، ٢٠٢١: ٢٦). لێرەدا ڕۆماننوس لە هەردو شوێنی ئاسۆیی و ستونیدا چەندین وێنەی جۆراوجۆری خستۆتەڕو کە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵگەی لادێ یە لە سیاقی ڕەشبینی و نوستالژیادا. لە هەمان کاتدا خولانەوەی کۆی ڕوداوەکانە لە کۆنتێکستی فەزای شوێندا بە شێوەی فەزایی ئاسۆیی و ستونی.

شەشەم: شوێنی فەنتازی: بریتییە لەو شوێنەی کە بوونێکی ڕیالیستی نییە، بەڵکو زیاتر بوونێکی فەنتازی هەیە، بۆیە "دەکرێ شوێنی خەیاڵی وەک خاڵێکی فۆکەس سەیر بکرێت کە تیایدا تۆڕێک لە پەیوەندییەکان کە توخمە جۆراوجۆرەکانی ڕۆمانەکە کۆدەکاتەوە، کۆدەبنەوە و دواتر شوێنەکە دەبێتە توخمێکی پێویست لە ڕۆمانەکەدا کەچەندین شێوەی هەیە و چەندین مانا لەخۆدەگرێت و تەنانەت هەندێک جاریش ڕەنگە ئامانجی تەواوی بوونی بەرهەمەکە بێت کە بە وردبینیەوە وەک توخمەکانی دیکەی ناو ڕۆمانەکە ڕێکخراوە، بۆیە کاریگەریەکەی لەسەریان بەهێزتر دەکات پێویست ناکات بڵێین پەیوەندییەکی کاریگەری لە نێوان شوێن و کارەکتەرە خەیاڵییەکان - سەرەکی و لاوەکی-دا هەیە، چونکە شوێن توخمێکی جەوهەرییە لە داڕشتنی پێکهاتەی ئەم کارەکتەرانەدا و تەنیا لە ڕێگەی دزەکردنی ئەمانە دروست دەبێت کارەکتەرەکان تێیدا و دەرکەوتنیان تێیدا لەگەڵ تایبەتمەندییەکانیان و ئەو ڕووداوانەی کە تێیدا ئەنجامی دەدەن، ئەمەش ئەوە بۆ ئێمە پشت ڕاست دەکاتەوە، شوێن واقیعێکی ژیانە و کاریگەری زۆری لەسەر مرۆڤەکان هەیە "( عمر، 1996: 2).

هەروەها"شوێنی خەیاڵی" بە تەواوی بەپێچەوانەی شوێنی ڕاستەقینە دادەنرێت، بەو پێیەی گوزارشت لەو ناوچەیە دەکات کە پێگەیشتن و چونە لای سەختە.یان بە واتایەکی تر بریتییە لە ئەو شوێنە خەیاڵکراوەیە کە لەناو جیهانی خەیاڵیدا بوونی هەیە، بەو پێیەی شوێنێکە تەنها بە زمان دروست دەبێت. نیشانەی دەقی خەیاڵیش ئەوەیە کەلە ڕێگەی وشەوە، شوێنێکی خەیاڵی دروست دەکات کە تایبەتمەندی خۆی هەیە و ڕەهەندە جیاوازەکانی شوێنی خەیاڵی لە ڕۆمانەکەدا بە شوێنە نامۆکان، بە تایبەت ئەو شوێنانەی بە خەیاڵ دروستدەکرێت،کە پەناگەی جنۆکەیە، جگە لەو زیادکردنانەی کە ڕەنگە خەیاڵی ڕۆماننووس زیادیان بکات، لەسەر شوێنە واقیعییەکان، لە هەندێک چرکەساتی گێڕانەوەدا لە ڕیالیزمەکەیان دەیانباتە دەرەوە و دەیانخاتە ناو شوێنێکەوە زادەی خەیاڵە، و ئەمەش ئەوەیە کە لە ڕێگەی ئەم ڕۆمانەوە دەیدۆزینەوە"(سمار ,کریمة, 2014: 51).

کاتێک سەرنجی توانا و داهێنەری "کاروان عومەر"ی ڕۆماننوس دەدەین. "کوڕە قژدرێژ"ی کردوتە شوێنێکی واقیعی لە لایەکەوە شوێنێکی دیکە بۆ جنۆکەو دێو درنج لەلایەکی دیکەوە. بۆیە بەم شێوەیە ئەم شوێنانە وەک ئەوەی خەیاڵ بن و لەم ڕۆمانەدا بوونیان هەیە و بەم شێوەیەش پێی دەوترێ شوێنی خەیاڵی، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لە گرنگترین شوێنە خەیاڵییەکاندایە، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕۆمانوس پێی باشە لە فەزای گێڕانەوەدا شوێنی خەیاڵی بەکاربهێنێ ئەو تێڕوانینانەی کە وا دەکات فەزای گێڕانەوە لەگەڵ کۆمەڵێک فەزای دیکەدا بەریەك بکەوێت، وەک پەیوەندییەکانی فەزا وەک شوێن، فەزای دەقی، یان فەزا وەک هاوتای بینین یان دیدگا." (الحمدانی ,2000: 54). هەروەک ئەم وێنەیەی کە لەنێوان کارەکتەری کوڕە قژ درێژ و ژنەی ژێرزەمین، لە ناو فەزایەکی ئاڵوز و پڕ ژاوەژاو دەنگەدەنگی بازاڕدا کاسکێت دەفرۆشن خۆیان لەبیردەکەن و دەکەونە ناو خەیاڵی کەش و هەوای خۆشەوستی خۆیان, کوڕە قژدرێژ دەڵێت: "هێشتا من سەد و حەوت کاسکێتی تۆم لایە، سەدوحەوت کاسکێتی منت

لابوایە، سەرت وا جوان نەدەبو! هەردوکیان تێکڕا لە قاقای پێکەنین دەدەن. خەڵک هەر بەبێ ئەویش لێیان دەڕوانن، بەوەی کەللەی کوڕەی قژدێژ سەرنجی هەموان ڕادەکێشێت، ئینجا کاتێ قاقا لێ دەدەن هێندەی دیکە لێیان کۆدەبنەوە، ڕەنگە بەشێکی ئەو قسانەیان ببیستبێت، بەڵام ئەوان وەک ئاگایان لە خەڵک بڕابێت، گوێیان پێ نادەن. دور نیە وایان زانیبێت دو ئەکتەرن و خەریکی تۆمارکردنی دیمەنێکن. دەنا لە واقیعدا کوا خەڵکی واهەن! "(کاکەسور، ٢٠٢١: ١٢٩). ڕەنگە نوسەر بە ئەنقەست لەم فەزا ئاڵۆزە ئەم دیمەنە خەیاڵیە جوانەی خوڵقاندبێت، ئاماژەیەک بۆ بەبیرهێنانەی سۆزو ئەڤینی نێوان مرۆڤەکان، کە لەهەرشوێنێک بێت، تاکەکان دەتوانن پەیامی خۆییان بگەیەنن.

**9.ئەنجام**

1- کاروان عومەر کاکەسور لە گێڕانەوە و خستنە ڕوی ڕوداوەکاندا زیاتر پەنای  بۆ فەزای شوێنی داخراو بردوە کە بریتی بوو لەو زێندانەی تەمەنێکی زۆری تێدا بەسەر بردو سەرچاوەی سەرەکی  زۆربەی ڕوداوەکانیش بوو.

2-ڕۆماننوس لە گۆشەنیگای خودییەوە سەرنجی وردی خستۆتە سەر وەسفکردنی چەشنەکانی فەزای شوێن، بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە پەیوەندییەک هەیە لە نێوان خۆی و ئەو شوێنەی کە کارەکتەرەکانی لێیە. فەزای شوێن لە ڕۆمانی (مۆزەخانەی کوڕە قژ درێژ)دا وەك هەمووو چەشنە فەزایەکانی دیکەی هونەری بناغەیەکی بەهێزی لە ئەزمونی جوانی لە دەقی ڕۆمانەکەدا بنیاد ناوە. ئەمەش واتای ئەوەیە کە فەزای شوێن دەتوانێ گۆڕانکاری لە کۆی  داتا و هەست بەخشیندا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێنێتەکایەوە.

3- فەزا پێگەیەکی بەرز و بەهێزی لە دەقەکانی ڕۆمانەکەدا هەیە، لە هەمان کاتدا پرس و بابەتی کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان لە سیاقی  فەزا جۆراوجۆرەکاندا لە سنورێکی فراواندان .

4-نوسەر ناوی تایبەتی  بۆ هیچ یەکێک لە کارەکتەرەکان دانەناوە، هەمو کارەکتەرەکانی بەهۆی نازناو یاخود بە ناوی پیشەکانیانەوە ناوی بردون، وەک ( کورە قژدرێژ، کوڕە کەچەڵ، ژنی زێڕزەمین، ژنی ساڵۆنەکە، ژنە قەڵەوەکە، کچی گیتار ژەن، کچی چیرۆک، کۆمیشنەر)

5-فەزای شوێنی سروشتی لە دەقەکانی ئەم ڕۆمانەدا زۆر بەکەمی بەرچاو دەکەوێت، بەڵکو زیاتر شوێنی داخراو و بە زۆرەملێ تێدا بەدیدەکرێت،ئەمەش پەیوەندی بە سایکۆلۆژیەتی کارەکتەرەکەوە هەیە. زۆرترین شوێنیش کە ناوی هاتبێ (زیندانە) چونکە بەشێکی زۆری ژیانی لە زیندان بەسەر بردوە،کاتێک تەمەنی گەیشتۆتە شەست ساڵ دوو جار لە پۆلیس و بیست و پێنج جار لە ئاسایش گیراوە.

6- فەزای شوێن لە لای ئەم ڕۆماننوسە پێکهاتەیەکی نوێیە زیاتر لەوەی لاسایی بێت، کە ئەمەش بۆ ئەزمون و توانا و لێهاتویی ڕۆماننوس لە بەرجەستەکردنی جوانیناسی فەزای شویندا دەگەڕێتەوە. بۆیە توانیویەتی لە هەریەکە لە شوێنە گشتی و تایبەتی و واقعی و خەیاڵی و نەمەتەکانی شوێندا داهێنان و گۆڕانکاری بکات و سود و چێژ و ئیستاتیکیەت بە بەرهەمەکانی ببەخشێت.

## 10. لیستی سەرچاوەکان:


**-** بەزمانی کوردی:

- عەلی،بەرزنجی،پەخشان، عەلی تاهیر(2021 )فەزای بینین لەڕۆمانی ژنی ڕیواس ئەحمەددا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە خ4، ژ2

- کاکەسور،کاروان عومەر( 2021 )ڕۆمانی مۆزەخانەی کورە قژ دریژ، تاران

-بەزمانی عەرەبی:

- ابو سمرة(2011) الفضاء الروائي، في رحلة ابن فطومة لنجيب محفوظ، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر

-البياتي ،نجوى محمد جمعه(2011)فضاء الروائي في الادب مؤنس الرزاز،رسالة الدكتورا، جامعة البصره، كلية التربية، قسم اللغه العربية

- الخولي, يمنى طريف( 1989)إشكالية الزمان في الفلسفة والعلم، " ألف " مجلة البلاغة المقارنة، القاهرة، الجامعة الأمريكية، عدد 9

- الضبع, مصطفى( 1990) استراتيجية المكان ، الهيئة العامة لقصور الثقافة،، القاهرة

- الحمداني, حميد( 2000)بنية النص السردي "من منظور نقدي أدبي " ، المركز الثقافي العربي ، ، بيروت ، لبنان ، ،3 م.

- بحراوي,حسن. (2011)بنية الشكل الروائي: الفضاء – الزمن – الشخصية، ط1،الدار البيضاء،المركز الثقافي العربي

- سمار،كريمة(2014)تجليات المكان في رواية أشباح المدينة المقتولةلبشير مفتي،رسالة ماجستر،جامعة العربى بن مهيدي،كلية الاداب، قسم اللغة العربية.

- سعدان، ايوب، حباد، فاطمة( 2020)الفضاء بين اشكاليةالمصطلح وتعددية الانواع،جامعة ابن طفيل، كلية ألآداب والعوم الانسانية، القنيطرة، المملكة المغربية.

- شريف، مي جميل(2018) الزمان والمكان في روايات على لفتەسعيد ، مجلة الجامعة العراقيه، العدد 45ج 3،الانبار

- شريبط, أحمد شريبط(1997 ) بنية الفضاء في رواية غدا يوم جديد ، مجلة الثقافة، الجزائر،م 115

- شلاش, غيداء احمد سعدون(2011)المكان والمصطلحات المقارب له،مجلة ابحاث كلية التربية الاساسی،مجلد11،عدد2,

- غصون عزيز ناصر(2011)الفضا، الروائي في أدب كاظم الأحمدي, رسالة ماجستر, جامعة البصرة، كلية الاداب، قسم اللغة العربية.

- كاضمر، زينب على( 2019) الفضاء الروائي في رواية (ضوع الكبريت) للكاتب عبد الهادي, مجله كليّه التربية، جامعة الكوفة، عدد 52.

-كرم،يوسف(1986)تاريخ الفلسفة الحديثة، ط5 ، دار المعارف، ، القاهرة

- فريدة، مسهل(2015) الفضاء في الرواية العربية الحديثة،جامعة بوضياف،رسالة الماجستر،كلية الاداب، قسم اللغة

– قاسمر, سيزا أحمد (1984)بناء الرواية، الهيئة المصرية العامة للكتاب, القاهرة

-نضيرة، زوزو(2010) اشكالية الفضاء و المكان في الخطاب النقدي العربي المعاصر, مجلة كلية الآداب و العلوم الإنسانية و الاجتماعية،العدد6, جامعة محمد خيضر, الجزائر.

نجمي، حسن (2000) شعرية الفضاء المتخيل والهوية في الروايةالعربية،المركز الثقافي العربي، بيروت.

-هوبارد، فيل،ت: عمر ،مضر خليل(1996)المكان والفضاء،ط1،بيروت.

سەرچاوەی فارسی:

-حسين،سنا حسن(2020)فضا و زمان قدسی در اثار بختيار علي،گ.تویژەر، بەرگی 3، ژ. 2

سەرچاوەی ئینگلیزی:

- Mitchell, D( 2000) Cultural Geography, A Critical Introduction. Oxford, Blackwells

**فضاء المكان في روايات كاروان عمر كاكەسور**

**رواية (متحف الصبي ذو الشعر الطويل) نموذجا**

**رزگار عمر فتاح**

جامعة كويه، كلية التربية، القسم الكردي

sakar.akram@koyauniversity.org

**ساكار اكرم حمه صالح**

جامعة كويه، كلية التربية، القسم الكردي

Rzgar.umer@koyauniversity.org

**ملخص**

هذا البحث بعنوان (فضاء المكان في روايات كاروان عمر كاكەسور) هو رواية (متحف الفتى ذو الشعر الطويل) نموذجا، بهدف تسليط الضوء على أعمال هذا الكاتب المعاصر الذي يعتبر من المعاصرين وكتاب كوردستان اليوم لهم مكانة عالية وقوية وواسعة في هذا المجال. ومن أسباب إجراء هذا البحث وجود فجوة كبيرة في هذا الصدد، خاصة مسألة الفضاء المكاني في الرواية ومن قبل هذا المؤلف تأمل هذا الموضوع.

وفي الواقع فإن لكل فن من فنون الاسس الرواية لها أهميته وخصائصه الخاصة،التي تمنحه الجمالية والحيوية والخلود والأصالة. والفضاء المكاني هو أحد هذه العناصر التي تلعب دورا مهما جدا في بنية الرواية، خاصة عندما تشكل جانبا قويا من جوانب بداية النص وهدفه ونهايته. ثم يصبح مصدر المعنى الذي يسبب العملية السردية، إلى جانب الأنواع الأخرى كالأحداث والزمن والشخصيات، بحيث في غياب المكان يفقد كل مكون من مكونات الرواية مصداقيته وهويته على المستوى العملي. إذا لم تنشأ

علاقة قوية معها. ولذلك يحتاج الروائي إلى مساحة المكان والشخصيات لتقع أحداثها ويرى أدوارها، وفي نفس الوقت يحتاج إلى الوقت ليعرف لحظة الأحداث وزمنها بشكل واضح حسب احتياجات البحث فلنفتحه.

**الكمات المفتاحية:** الفضاء المكاني، الرواية، المتحف، سرد،حدث.

**Space of Location in the Novels by Karwan Omar Kakasur**

**: 'Museum of the Long-Haired Boy' as a Sample**

**Rzgar Umer Fattah**
Koya University, Faculty of Education, Kurdish Department
rzgar.umer@koyauniversity.org

**Sakar Akram Hama Saleh**
Koya University, Faculty of Education, Kurdish Department
sakar.akram@koyauniversity.org

**Abstract**

This research is titled 'Space of Location in the Novels by Karwan Omar Kakesur: Museum of the Long-Haired Boy' as a sample. This study aims at highlighting the works of this modern writer as he is considered as one of the modernistic writers of in Kurdistan, and he occupies a high, strong and outstanding position in this field. The reasons behind conducting this study are the existence of an observable gap with respect to the issue of location space in the Kakesure's novels, on the hand, and the competent and the experience of the author in this respect on the other hand.

In fact, each of the basic arts of the novel has its own importance and characteristics by which it attains aesthetics, vitality, immortality and originality. Location space is one of these elements that play very important role in the structure of the novel, especially when it becomes essential of the beginning, goal and end of the text. Then it becomes the source of the meaning that results in the narrative process along with other genres such as events, time and characters. Thus, with the absence of space, each of the components of the novel loses its credibility and identity at the practical level if a strong relationship is not established with it

The novelists need the location space and the characters for the occurrence of events and for designate their roles. At the same time, they need time to know the moment, era and date of events. These are useful to explain the function, role and status of location space, and its relationship with other elements of the novel according to the needs of the research

**Keywords:** Place Space, Novel, Museum, narration, accident.